# ساڵنامەی ئەنفالستان ڕێزلە چلەی ماتەمینی مامۆستا نەجیب گەرمیانی دەگرێت.

لە یادی مەرگی مامۆستا نەجیب گەرمیانیدا پرسەو سەرە خۆشی لەکەس‌وکارو ناوەندی چاك‌و سەرجەم هاورێیانی رادەگەیەنین، لەکۆستێکی وا گەورەدا زیادەرۆیی نیە ئەگەر بڵێین ئەنفالستان لە هەمووتان دلشکاوتروکۆستکەوتە ترە، چونکە بە مەرگی مامۆستا نەجیب ئەنفالستان قەلەمێکی بەبرشت‌و چاوێکی تیژو دۆستێکی خۆشەویستی گەرمیانیەکان‌و خەمخۆرێکی گەورەی ئەنفالکراوەکانی لە دەست چوو، مامۆستا نەجیب مۆمێك بوو بە پلەی یەکەم لە ساڵنامەی ئەنفالستان کوژایەوە، لەبەرئەوەی ساڵنامەی ئەنفالستان هەتا مامۆستا نەجیبی نەناسیبوو لاپەرەکانی لەپەنجەی چوار دەست تێپەری نەدەکرد، هەتا مامۆستا نەجیبی نەناسیبوو هەردەکانی گەرمیان‌و گوندەکانی بەرپەلاماری ئەنفالی بەئەستەم دەدۆزییەوە، هەتا مامۆمستا هەناسەی ئاوێتەی هەناسەی ئەنفالستان نەکردبوو، ئەو هێندە هەناسەی نەدەدا، ئەو نەبوایە میمکە پەسەندی بە ئاسانی نەدەبینیەوە، من دڵنیام ئەگەر مەرگ دەرفەتی مامۆستا نەجیبی بدایە، دەیان میمکە پەسەندو سەدان زەینەب‌و پیرەمێردەکانی تری گوندی قەیتول‌وچەندین پورەکافێ‌و چەندین عەباس نەوجولی‌ومەلایوسف‌وهەزاران گەرمیانی تر دەبوونە دۆست‌وخەمخۆری ئەنفالستان.

ئەفسووس لە ژمارەی داهاتویدا لەبری ئەوەی خەمی بوخچەکانی گەرمیان‌و لەبری گەشتێکی ترولەبری هەناسەیەکی تری مامۆستا دەبێت حوزنەکانی خۆی بۆمەرگی ئەو بنوسێتەوە، لەبری ئەوەی مامۆستا کۆستێکی ئەنفالمان بۆ بنوسێتەوە ئەنفالستان ناچارە کۆستی مەرگی ئەو بنوسێتەوە، ئەمە مردنێکی ئاسایی نیە یاران ئەمە کۆستێکی گەورەی ئەنفالستان خۆیەتی. کۆستێك لە مردن گەورەترو، لە ئەبەد ئەبەدی ترە.

ئەفسوس .. ئەمسالی دێت حوزنی ئەنفالستان بە مەرگی هونەرمەندێکی گەرمیانی‌وچیرۆکنوسێکی گەرمیانی ئاوسە، حوزنێك بۆ غازی‌و حوزنێك بۆنەجیب گەرمیانی‌و دوودڵۆپ فرمێسکیش بۆهەردووکیان.

بەرێز بێت مەرگی مامۆستا نەجیب گەرمیانی

ساڵنامەی ئەنفالستان

2006/9/18